### ئەنستیتۆی شاهانەی سەربازی بەریتانیا:

# کەنداو، ناوەندی چڕبوونەوەی هێزە سەربازییەکانی بەریتانیا

فرانک گاردنێر   لە فارسییەوە: محەمەد حەسەن محەمەد

IDEA DEPLOMATIC

ئایا بەریتانیا بە نیازە بە پێچەوانەی بڕیارەکەی ساڵی (1960)ی خۆی کە سەرجەم هێزە سەربازیەکانی لە نۆکەندی سوێس کشاندبوویەوە، سەرلەنوێ لە هەوڵی ئامادەبوونی ستراتیژی و هەمیشەییدابێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟

لە ڕاپۆرتێکی تێر و تەسەلدا ئەنیستیتۆی شاهانەی خزمەتگوزاری سەربازی و ئەمنی بەریتانیا وەڵامی ئەو پرسیارە داوەتەوە.

پرۆفیسۆر مایکڵ کلارک، بەرێوەبەری ئەو ئەنیستیتۆیە لە پێشەکی ڕاپۆرتەکەیدا نووسیویەتی:» ڕەنگە حکومەتی بەریتانیا بەرەسمی ئەو بڕیارەی خۆی ڕانەگەیەنێت. بەڵام وەک دەبینرێت بەریتانیا لە خاڵێک نزیکدەبێتەوە کە تێیدا گۆڕینی ئاڕاستەی ستراتیژی و سیاسەتی بەرگری و ئەمنی ئەو وڵاتە لە بەرامبەر ناوچەی کەنداو چاوەڕوانکرا و لۆژیکی دەبێت».

### ئەو پرۆسەیە بە کردەوە ماوەیەکە دەستی پێکردوە

لە ئێستادا یەکەیەکی هێزە ئاسمانیەکانی بەریتانیا کە چەندین جۆر فڕۆکەی جۆری تۆڕنادۆی تێدایە لە ناوچەی ئەلمنهادی باشوری دوبەی جێگیر کراوە و لە ژێر چاودێرییەکی توندایە.

پایزی ڕابردو دەیڤید کامیرۆن، سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا سەردانی ئەو بنکە سەربازیەی کرد و لەوکاتەشەوە تا ئێستا حکومەتی ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی چەندین ملیۆن دۆلاری بۆ نوژەن کردنەوەی ئەو بنکە ئاسمانییە تەرخان کردوە و پێدەچێت لە دوای کشانەوەی هێزەکانی



بەریتانیا لە ئەفغانستان بەشێک لە هێز و کەرەستە سەربازییەکان لەو بنکەیە جێگیر بکرێن.

لە بەحرەینیش دور لە چاوی خەڵک و لە ناوچەیەکی پارێزراو لە نائارامی و خۆپیشاندانەکانی ئەو وڵاتە بنکەیەکی سەربازیتر بۆ ئەندامانی هێزی دەریاوانی بەریتانیا دروستکراوە. ئەو هێزانە بەرپرسیارێتی بەڕێوەبەردنی بنکەی فەرماندەیی هێزی دەریاوانی (UKMCC) یان لە ئەستۆیە. ئەرکی ئەو بنکەیە ڕێنوێنی و ئاراستەکردنی کەشتیە مین هەڵگرەوە و بەلەمەکانی بەریتانیا لە کەنداو و سازکردنی هاوئاهەنگیە لە نێوان ئەو کەشتی و بەلەمانە لەگەڵ فەرماندەیی هێزە دەریاوانیەکانی ئەمریکا لەو ناوچەیە.

هێزی سەربازی وڵاتانی رۆژئاوایی چیتر لە سعودیە بوونیان نییە، بەڵام فڕۆکەوانانی هێزی ئاسمانی شاهانەی بەریتانیا لە چوارچێوەی رێکەوتنامەیەکی ئەمنی گەورەی نێوان لەندەن و ریاز و بە مەبەستی راهێنانی فڕۆکەوانەکانی ئەو وڵاتە لە سەر ئاژوتنی فڕۆکەکانی جۆری تایفۆن بە شێوەیەکی بەردەوام لە سعودیەن.

شانشینی عومان لە ساڵی 2001 دا میوانداری گەورەترین مانۆڕی سەربازی بەریتانیای کرد لە دەرەوەی وڵاتەکەی. پەیوەندیە سەربازیەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە بەڕادەیەک پتەوە کە بە بەردەوامی گەورەفەرماندەیەکی سەربازی بەریتانیا لە مەسقەتەوە چاودێری پەیوەندییە سەربازییەکانی وڵاتەکەی و عومان دەکات.

بڕیارە لە مانگی ئەیلولی ئەمساڵدا یەکەم خولی کۆلێژێکی سەربازی قەتەر بە سەرپەرشتی بەریتانیا دەکرێتەوە و کوەیتیش بۆ یارمەتیدانی ئەکادیمیا سەربازیەکەی بەریتانیای هەڵبژاردوە.

ئەم بەرەوپێشچوونە سەربازیانە ئەنجامی هەوڵەکانی ژەنەڕاڵ «سایمۆن میوال»ە کە لە ساڵی 2011 وەک راوێژکاری باڵای سەربازی بەریتانیا بۆ کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەستنیشان کرا.

بنەمای ستراتیژی بەریتانیا بۆ سەرجەم ئەم هەنگاوانە زۆر بەرەوسەرتر و باڵاترە لە پرسی فرۆشتنی کەرەستە و خومەتگوزاری سەربازی.

مانگی کانونی یەکەمی ساڵی رابردو ژەنەڕاڵ دەیڤید ریچارد سەرۆکی ئەرکانی هێزە سەربازییەکانی بەریتانیا رایگەیاند « لە دوای ئەفغانستان، کەنداو دەبێتە ناوەندی چڕبوونەوە و کۆبوونەوەی هێزە سەربازیەکانی بەریتانیا».

ئامانجی بەریتانیا لەو کارە ئەوەیە کە ئەو هێز و کەرەستە سەربازیانەی کە لە ئەفغانستان دەیکێشێتەوە لە کەنداو بهێڵێتەوە و جیا لەمەش پشتیوانی خۆی بۆ ئەو وڵاتانەی ناوچەکە دووپات بکاتەوە کە بە هاوپەیمانی خۆی دایناون.

وڵاتانی عەرەبی کەنداویش کە لە لایەکەوە بە هۆی رابوونە جەماوەریەکانی ناوچەکەوە کە بە «بەهاری عەرەبی» ناسراوە و لە لایەکیتریشەوە بە هۆی بەرنامە سەربازیەکانی ئێرانەوە نیگەرانن، دوبارە ئامادەبوونەوەی بەریتانیا لە کەنداو – هەر چەندە لە ئاستێکی سنورداریشدا بێت– دەبێتە مایەی ئاسودەییان بەتایبەتی لەو رووەوە کە لە ماوەکانی رابردودا وەزارەتی بەرگری ئەمریکا – پنتاگۆن– زیاتر گرنگی بە ناوچەی زەریای هێمن داوە.

رێبەرانی وڵاتانی عەرەبی لە بڕوایەدان حکومەتەکەی دەیڤید کامیرۆن زۆر باشتر لە حکومەتەکانی پێشووتری ئەو وڵاتە گرنگی بە ناوچەی کەنداو دەدات.

بۆ کامیرۆن و وەزیرەکانی پەرەپێدان بە پەیوەندییە سەربازییەکان درێژەپێدانی لۆژیکیانەی هاوبەشیەکی مێژوییە.

لە روانگەی هەندێکەوە بەریتانیا چەندین قەرزی قورسی لەسەرە و هەندێک لە وڵاتانی کەنداویش یەدەگێکی فراوانی درا و داراییان لەبەردەستە. هەر بۆیە پەرەپێدان بەپەیوەندیە لە رێگەی دامەزراندن و جێگیرکردنی بنکە، پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری راهێنانی سەربازی و تەنانەت پەرەپێدان بە چەندین پڕۆژەی بەرگری و ئاسمانی (وەک ئەوەی لە نێوان بەریتانیا و ئیماراتدا هەیە) پاساوێکی لۆژیکی هەیە.

بەڵام ئەو سیاسەتە لە بەرامبەر کەنداو تا چ رادەیەک دەتوانرێت بە وەرچەرخانێک بە بەراورد بە رابردو دابنرێت؟ بە گوێرەی راپۆرتەکەی ئەنیستیتۆی شاهانەی خزمەتگوزاری سەربازی و ئەمنی بەریتانیا گۆڕانکاریەکی ئەوتۆ لە سیاسەتی بەریتانیادا نەهاتوەتە ئاراوە و ئەوەی هەیە لە راستیدا بە هێزتر کردنی پرۆسەیەکە کە پێشتریش لە گۆڕێدا بووە.

لە راپۆرتەکەدا هاتووە:» کشانەوەی هێزەکانی بەریتانیا لە بنکەکانیان لە رۆژهەڵاتی نۆکەندی سوێس بە واتای کۆتایی هاتنی ئامادەبوونی بەریتانیا نەبووە لە نیمچەدورگەی عەرەبستان و کەنداو».

ئامادەکارانی ئەو راپۆرتە پێیانوایە:» لە لای بەریتانیەکان بوونی رۆڵێکی پێشەنگ، لە ناو وڵاتانی ئەوروپی و رۆژئاوایی بە هۆی ئامادەبوونی لە کەنداو چەندین دەسکەوتی ئابوری پێدەبەخشێت».

سەرباری ئەوەش لەو راپۆرتەدا هۆشداری دراوەتە حکومەتی بەریتانیا بۆ ئەوەی نەکەوێتە داوی ئاڵۆزیەکانی ئەو ناوچە ناسەقامگرتووەی جیهان بەتایبەتی لە ناکۆکیەکانی نێوان شیعە و سونەکانەوە تێوە نەگلێت.

ناکۆکیەکانی نێوان شیعە و سونەکان لە بەحرەین و پارێزگاکانی رۆژهەڵاتی سعودیە چەندین کێشەیتری لێدەکەوێتەوە. مەترسیەکیتریش ئەوەیە کە لە داهاتوودا و لە ئەگەری گەورەتربوونی ناکۆکیەکان لە خراپترین حاڵەتدا حکومەتەکانی ناوچەکە رێگە بە بەریتانیا نەدەن کەڵک لەو بنکە و گرێبەستە سەربازیانە وەربگرێت کە لە ئێستادا بە شێوەیەکی بەربڵاو سەرمایەگوزاریان تێدا دەکات.

**سەرچاوە:** (BBC) **فارسی**